# دەسکەوتی هاوپشتی کومونیستەکان و خەڵکی کوردستان

عوسمان ــ م

ماوەیەک لەوە پێش دەزگای ئاسایشی دەوڵەتی کوردی لە سلێمانی رێبوار عارفی کومونیستیان دەستگیر و راپێچی زیندان کرد. تاوانی رێبوار پشتگری کردن لە داخوازی خوێندکارانی زانستگەی سلێمانی و بەشداری کردنی کەمپینی دادگایی کردنی سادام بوو.

جارچیان و دارودەستەی سەر بە ئاسایشی حکومەتی کوردیی سلێمانی ویستیان لە پاڵتاک و لای رای جەماور تاوانی دزی بدەنە پاڵ رێبوار و تاوانی خۆیان و ترسیان لە کومونیستەکانی کوردستان و هوشیاری خەڵک پاساو بکەن و بەم شێوەیە بە ئاسانی دەنگی نارەزایەتی و تەحەمولی بەسەر هاتووی خوێندکاران، کرێکاران، زەحمەتکێشان و ژنانی کوردستان دەمکوت و سەرکوت بکەن.

بەڵام غافڵ لەوەیکە خەڵکی کوردستان ئیتر ئەو خەڵکەی جاران نیە و وەخەبەر هاتوە، دوست و دوژمنی خۆی ئەناسێ و لە ٥٠ ساڵ ریاکاری و فریوکاری و فروفێڵی ناسیونالسمی کورد دەرسی وەر گرتووە! هەر وەها غافڵ لەوەیکە کومونیستەکان ئیتر بریاریان داوە بۆ دیفاع لە خەڵکی کوردستان و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد، بۆ دیفاع لە کەرامەت و مافی یەکسانی و بەرابەری خەڵکی کوردستان لە زیندان و شکەنجە و بوختان سڵ ناکەن و دەست هەڵناگرن تا سەرکەوتن، هەر وەک بە حەرەکەتێکی یەکگرتوانەی کومونیستی و بە پشتیوانی جەماوەری بێزار و وەگیان هاتوی کوردستان لە حاکمانی کونەپەرەست و تاجرانی خوێن و خەباتی میللەتی کورد رێبوار عارف یان ئازاد کرد!

جێگای خۆیەتی ئەم دەسکەوتە وەک ئەزمونێکی مەزنی خەباتمان بکەینە هەوێنی هاوپشتی کومونیستیمان و یەکگرتوییمان! بێجگە لەمەش هیچ رێگایەکمان بۆ نەماوەتەوە! دەست خۆشانە لە تەواوی ئەو ئازادیخوازانە، ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانە، ئەو ژن و پیاوە کومونیستانە ئەکەم کە لەم حەرەکەتە دا بەشدارییان کرد. دەستتان خۆش، لێتان پیرۆز بێت و بەردەوام بین!! ئەگەر ئاوا یەکگرتو بین، هیچ هێزێکی کۆنەپەرەست و دام ودەزگای سەرکوت و داپلۆسێنەری بۆرژوازی و ناسێونالسم زەفەرمان پێ نابەن و زنجیرەکانی خورافە و ستەم لە چارەنووس و دەست و پێی خەڵکی کوردستان ئەپسێنین!

سەران و ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بە کردەوە نیشانیان داوە کە نەک ناتوانن چارەسەری کێشەی کورد بکەن و خواستەکانی کومەڵانی خەڵکی کوردستان بێننە دێ، بەڵکو کوسپ و لەمپەری رێگایان بون و هەن! تا ئەمانەش لە دەسەڵت دا بن و بریار دەر بن، خەڵکی کوردستان بە ئامانجە ئینسانی و مێژوییەکانی ناگا. خەڵکی کوردستانی باشور زیاتر لە ١٤ ساڵە لە تەوقی ٢ دەسەڵاتی کۆنەپەرەست و عەشایر دا گرفتار بووە. دوو حیزبی حاکم راست هەمان سیاسەت و سیستمی بەعس دژ بە خەڵکی کوردستان بەرێوە ئەبەن و تەنیا کەسەکان گۆراون نەک سیستمی حکومەتی. زیاتر لە ١٤ ساڵە خۆیان سەپاندوە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کوردستانیان کردوەتە مەیدانی تارتارێنی دەوڵەتانی ناوچەکە و تاڵانگەریی ئەمپریالیستەکان. کوردستانیان کردوەتە قەبرستانی لاوانی کورد و ئازدی و دێموکراسی.

زیاتر لە ١٤ ساڵە ئەم دوو حکومەتە کوردیە بە جینایەتکارانەترین شێوە بە سەر کوردستان دا حکومەت ئەکەن و

تەنانەت دەزگاکانی پاراستن و ئاسایشیان لە تەقاندنەوەی خەڵکی بێتاوانی کوردستان دا دەستیان هەبوە و هەیە، نمونەی تەقینەوەی ئەم دواییە لە هەولێر. ئەم دوو دەوڵەتە کوردیە لە پێناوی دەسەڵاتی خۆیان دا خەڵکیان لە هەر جۆرە ئازادییەکی تاک و کۆمەڵایەتی بێ بەش کردووە و دەیان هەزار لە ئەندامی یەکتریان لە پێناوی حاکمیەتی خۆیان بە کوشت دا. بوونە کەوا سوری بەر لەشکری داگیر کەران بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی ئازادیخوازی پارچەکانیتری کوردستان. دەیان و سەدان کەس لە نەیارانی سیاسی خۆیان تیرور کرد، کومونیستەکانیان قەتڵعام کرد، پارچەکانی ژێر حاکمیەتی یەکتریان ئەنفال کرد، شکەنجەیان کرد و زیندانەکانیان پر کرد.

دەیان کەس لە پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێرانیان تیرور کرد، بە هەزاران کادیر و پێشمەرگەی پ ک ک یان قەتڵعام کرد. سامانی کوردستانیان فروشت بۆ چەک و تەقەمەنی و خەڵکی خۆیان پێ کوشت. خەڵکی کوردستان هەر ئێستا لە داو و چنگی ئەم دوو حیزبە ناسیونالیستە حاکمە دا ئەسیر و دیلن. کورد و کوردستانیان کردە پێگەی ئەمپریالیستەکان و دێموکراسی، پارستنی ئاشتی و خەبات لە دژی تیروریزم، بیانوێەکی دەستکرد و سیاسەتێکی داگیرکەرانە و دەستدرێژی کەرانەی ئامریکا و بریتانیا بوو بۆ تاڵانگەری، سیاسەتێک کە لە راستی دا دژ بە ئاشتی و دێموکراسی لە جیهان و بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئەم راستیە تاڵەیەمان تەنیا لە عێراق تەجرەبە نەکردوە، بەڵکوو خەڵکی سەرتاسەری دنیا لە زۆربەی وڵاتان مافی مرۆڤی ئەمریکاییان دەیان ساڵە بە پێست و گۆشت و هەست و خوێنی خۆیان تەجرەبە کردوە.

بەم شێوەیە سەرانی حاکم و ناسیونالیستی کورد ناوەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی و عەداڵەتخوازی و شورشگێرانەی کوردیان بەتاڵ کرد و کردیانە قوربانی حاکمیەت و بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی خۆیان. هەر ئێستا ئاکامی ئەم بە ناو پرۆسەی رزگاریە ئەمریکاییە گەورەترین زەبری لە بزووتنەوەی کوردستان لە هەمو پارچەکان داوە و رەوت و گوروپە کۆنە پەرەست و ئیسلامیەکانی بە هێز کردوە، بە شێوەیەک کە هەم حکومەتی ئیسلامی عێراقیان دامەزراند و هەم بوە پاڵپشتێک بۆ رژیمی تیروریستی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسلامیەکانیتر لە سەرتاسەری دنیا.

ئەم دوو حیزبە حاکمەی کوردستان بە هیچ شێوەیەک نوێنەری ئیرادە و خواستەکانی خەڵکی کوردستان نین و تەنیا بە پاڵپشتی لەشکری داگیرکەران و ئەمپریالیستەکان خۆیان سەپاندوە. خەڵکی کوردستان دژ بە هەر جورە دەستێوەردان و دەخاڵەتی زلهێزە داگیرکەر و تاڵانچیەکانن. دێموکراسی و ئازدی تەنیا بە دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بە پاڵپشتی هێزی خۆیان دەستەبەر دەبێ. خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و رزگار بون لە ستەمی نەتوایەتی پێویستیان بە یارمەتی ریاکارانەی کەسان و دەوڵەتانێک نیە کە خۆیان سەرچاوی داگیرکەری و تیروریزمی جیهانین و جیهانیان لە شەر، هەرەشە و نائەمنی، تیرۆر و تاڵان و کوشتار نقوم کردوە. بەڵکو دەستی هانا و یارمەتی بۆ هێزە ئازادیخواز و بەشەر دۆستەکان، بیرورای گشتیی دژ بە شەر و بزوتنەوە دێموکرات و کمومونستی و کومەڵایەتیان رادەکێشێ. بۆ رزگار بون لە ستەم و گەیشتن بە ئامانجە ئینسانیەکانی خۆی و بۆ ژیان لە جیهانێکی ئازاد و عادڵ و خۆشکەری ژیانی ئینسانی بانگەوازی بەشەریەتی دژ بە شەر و ئاشتیخواز و پێشکەوتو دەکا. کومونیستەکان سەلماندیان کە تەنیا دڵسۆز و شێلغیری راستەقینەی ئازادی و رزگاری خەڵکی کوردستانن!!!!

بژی هاوپشتی جیهانی بۆ جیهانێکی عادڵ و ئاشتیخواز.

بژی سوسیالیزم تەنیا رێگای رزغاری بەشەر لە جەهەنمی سەرمایەداری.